# بایۆگرافیای

## عەلی حەسەنیانی(هاوار)

-هاوار(عەلی حەسەنیانی) لەساڵی 1939 لەگەڕەکی پامنار لە تاران لەدایکبووە.

-لەساڵی1946 دەچێتە مەهابادو تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی فیردەوسی دەخوێنێت، پاشان دەچێتە تاران و لەقوتابخانەی دکتۆر سورتگەر دەخوێنێت.

-دوای ساڵێك دەگەڕێتەوە مەهاباد و لە قوتابخانەی محەمەد رەزا بڕوانامەی دیبلۆم  وەرگرتێت.

- لەساڵی1959 لە بەشی (ماف و زانیارییە سیاسییەکان)ی زانکۆی (تاران) وەردەگیرێت ، لێرەوە لەگەڵ روناکبیرانی کورد ئاشنادەبێت.

- لەساڵی 1964 دوای مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی تاران لەگەڵ سوارەو هاوەڵەکانی دەخرێتە زیندان.

- دوای ئازادبوونی درێژە بەخوێندن دەدات و کۆلێژ تەواودەکات.

- دواتر لە وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێت، بەڵام بەهۆی بیروڕای سیاسی چەندین جار دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە جیاوازەکان لەوانە(کومیجان، ئەراك، تەفریش، ئاستارا، دەڕڕەشاری ئیلام)، ماوەیەکیش لە سنەو بانە دادەمەزرێت، بەڵام زووبەزوو رایدەگوێزن، بەهۆی ئەم گواستنەوەیەشەوە واز لە وەزاررەتی ناوخۆ دەهێنێت،و دەچێتە خولی پارێزەری لە تەورێز.

- پاش ساڵێك وەك پارێزەر دەچێتە شاری میاندواو لە نزیك مەهایاد، چونکە رێگەیان نەدەدا بچیتە مەهاباد.

-پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەساڵی 1978 دەگەڕێتەوە مەهاباد.

د. لاوەند عەلی

- لەساڵی 1980ناچاردەبێت مەهاباد جێبهێڵێت و بچێتە شاخ.

-لەساڵی 1983 بەهۆی گرفی خێزانییەوە دەگەڕێتەوە مەهابادو لە تاران نیشتەجێدەبێت.

-لەساڵی 1985 دەگەڕێتەوە مەهابادو وەك پارێزەر کاردەکات، و هاوکاری گۆڤاری سروە دەکات، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیر ئەنجومەنی ئەدەبی دادەمەزرێنێت.

- 1989 وڵات بەجێدەهێڵێت و دەچێتە فینللاند، پاشان دەچێتە دانیمارك و لەوێ نیشتەجێدەبێت.

-خاوەنی دیوانە شیعرێك و چیرۆكێك و (3) رۆمانە، بەم شێوازە:

**دیوانەشیعر:**

1-بزەی زەمەند،جەعفەر حوسینپور(هێدی)، ئەڵمان، 1993

2-گوناە، زاگرۆس حەسەنیانی، مهابات،1390هەتاوی

3-جەلاد، سەرجەم شیعرەکانی،ئا:د. لوقمان رەئوف،سلێمانی،2015.

**چیرۆك:**

1-شاری وێران، ورمێ 1364،Q

**رۆمان:**

1-دەروێش،مهابات،

2-کارمامز، جەعفەر حوسینپور(هێدی)،هۆلاند،1999

3-بزەی ژیان، زاگرۆس حەسەنیانی2007

- لە شەوی 1992/5/8 بەهۆی سەکتەی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی کۆپنهاگن بەخاك دەسپێرێت.

